ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی عێراق سەرخۆشی گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێران دەکات

ڕاوێژکاری ئاسایشی عێراق، قاسم ئەعرەجی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵی گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی، لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس وێنەیەکی سەرۆک کۆماری کۆچکردووی ئێرانی دانا و نووسیویەتی، "جەنابی سەرۆک عێراق لە ڕۆژی 29ـی ئایار لە چاوەڕوانیت دابوو بۆ پتەوکردنی و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات".

دوێنێ یەکشەممە (19ـی ئایاری 2024)، لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتی ئێران، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری ئێران و ئیلهام عەلیف، سەرۆکی ئازەربایجان بەنداوی "قیزکالە سی"یان کردەوە کە لەنێوان هەردوو وڵاتدا بۆ هاوبەشی دروستکراوە، پاش ڕێوڕەسمەکە و لەکاتی گەڕانەوەی بۆ تاران، هەلیکۆپتەرەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی توشی ڕووداوێک دەبێت و بەیانی ئەمڕۆ دووشەممە بەفەرمیی تەلەفزیۆنی فەرمی ئێران گیان لەدەستدانی سەرۆک کۆماری ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و حسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران و نوێنەری عەلی خامنەیی و تیمی فڕۆکەوانی

□ا گ□یا ند.